پۆلیسی هەولێر راگەیەندراوێکی لەبارەی رووداوی هەرشکردنەسەر ماتورسوارێک بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر راگەیەندراوێکی لەبارەی هەرشی کردنە سەر ماتۆسوارێك بڵاوکردەوە.

لە راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێردا هاتووە، دوای ئێوەی شەوی رابردوو لە شقامی شەست مەتری لە شاری هەولێر شوفێرێکی تاکسی و شوفێرێکی ماتۆسکیلی (دیلیڤەری) لەسەر شکاندنەوەی ئۆتۆمبێل دەبێتە دەمەقاڵییان دواتر توندوتیژیی لێدەکەوێتەوە.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، شوفێری تاکسییەکە لە شوفێری ماتۆسکیلەکە دەدات و بریندارییکردووە و دەکات و دواتر هەڵدێتووە، بەڵام دوای ئێوەی پۆلیس گەیشتە شوێنی رووداو، دەست بە لێکۆڵینەوە کرا و دوای تۆمارکردنی سکاڵا، شوفێری تاکسییەکە لەلایەن تیمەکانمان لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر دەستگیر کرا، لە ئێستاشدا پێداوی لێکۆڵینەوەی بە کراوەتەوە و دراوەتە دادگا و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.